# ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1–7–2000

ژمارە (229) یەکشەممە 17 - 5- 2009


## ڕاگەیاندراوی کۆتایی
## کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی

بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی ناومالّی ڕزگاری و تاوتوێکردنی ڕەوشی هەنووکەیی باشووری کوردستان و پڕۆسەی هەڵبژاردن، ڕۆژی 13ی ئایار، کۆمیتەی ناوەندی حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستان بەسەرپەرشتی هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب کۆبۆوە، لە دەستپێکدا خولەکێک وەستانی بێدەنگ بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیەنرا، دواتر هەڤاڵ سکرتێری گشتی حزب سوپاسی سەرجەم هەڤاڵانی کۆمیتەی ناوەندی کرد کە بۆ یەکخستنەوەی نێو مالّی ڕزگاری ئامادەیی خۆیان پێشانداوەو بەشداریان لە کۆبوونەوەکەدا کردووە بۆ لا 2


لا 3 فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دروست دەکرێن و بۆ شەڕ ئامادە دەکرێن

لا 4 هەڵبژاردن لەنێوان بەرژەوەندی لایەنەکان و خودی پڕۆسەکەدا

لا 5 بازرگانی نارەوا لە پێناو تێرکردنی گەل، چۆن لێکدەدرێتەوە؟

لا 6 ڕوڵی گەنجان لە گۆڕانی هاوکێشە سیاسیەکاندا

لا 7 کەناڵی ئەلعێراقییە لە کوێی ڕاگەیاندنی بێلایەن دایە؟


# بەمەبەستی بەشداریکردنی لە هەڵبژاردندا لایەنە چەپ و پێشڤەرۆکان لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن

بەمەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کە بڕیاروایە ڕۆژی 25ی مانگی تەمموز بەڕێوە بچێ، حەوت لایەنی چەپ و دیموکراتیخواز بڕیاریاندا بەلیستیکی هاوبەش بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا بکەن.

ڕۆژی 7-5-2009 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان بەڕێوە چوو، حەوت لایەنی سیاسی پێکهێنانی لیستێکی هاوبەشیان ڕاگەیاند.

کاتژمێر 16ی ڕۆژی پێنجشەممە 7ی ئایار، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە حەوت لایەنی سیاسی ئامادەببوون لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیان ڕاگەیاند.

حزبی شیوعی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بزووتنەوەی گەلی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراسیخوازن، پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، حزبی ڕزگاریی کوردستان و پارتی نیشتمانی کوردستان ڕایانگەیاند کە بەیەکەوە لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیان پێکهێناوە، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری پشتیوانی لەو لیستەدا دەکەن کە دەیەوێ نوێنەرایەتی کرێکارو زەحمەتکێش و ستەمدیدەکانی کوردستان بکات.

# شەهرستانی:ڕێککەوتوین نەوتی کوردستان رادەستی ئێمە بکرێ



حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق بە ڕۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەتی ڕاگەیاندووە کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێککەوتووین تا نەوتی دەرهێنراوی هەرێم ڕادەستی وەزارەتی نەوتی عێراق بکرێ، بەسەرپەرشتی ئەوانەوە بفرۆشرێ.

شەهرستانی گوتویەتی دوای بەستنەوەی کێڵگە نەوتیەکانی کوردستان بە تۆڕی بۆڕیەکانی نەوتی عێراقەوە، نەوتی دەرهێنراوی هەرێم دەفرۆشرێ و داهاتەکەی بۆ گەنجینەی عێراق دەبێ و بەسەر هەموو ناوچەکاندا دابەش دەکرێ.

شەهرستانی کە ماوەیەکی درێژە جەخت لەسەر نایاسایی بوونی بۆندەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتدا دەکاتەوە، گوتویەتی: 'حکومەتی عێراق هیچ پەیوەندی بەو بۆندانەوە نیە کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیاکاندا ئیمزای کردوە، حکومەتی عێراق لایەنێک نیە لە بۆندەکاندا، بەلاّم نەوتی بەرهەمهێنراو بۆ هەموو عێراقیەکانە و پێویستە ڕادەستی عێراق بکرێ. ئێستا لەسەر ئەوە کار دەکەین تا نەوتی دەرهێنراو لەڕێی تورکیاوە ڕەوانەی دەرەوە بکرێ، داهاتیشی بۆ سەندوقی گەشەپێدانی عێراق دەچێ.

شەهرستانی سەبارەت بەو بۆندانە جەختی کردۆتەوە کە: 'ئێمە قەرەبی هیچ کۆمپانیایێک ناکەینەوە، دەبێ کۆمپانیاکان خواستەکانیان پێشکەش بە ئێمە بکەن، دوای وردبوونەوە ئەگەر بینیمان لەبەرژەوەندی عێراق دایە لەسەریان ڕێک دەکەوین، بەلاّم تا ئێستا هیچ شتێک پێشکەش بە ئێمە نەکراوە'

تا نووسینی ئەم هەواڵە حکومەتی هەرێم هیچ ڕوون کردنەوەی نەداوە

# پەرلەمانتارێکی بەریتانی: دەمەوێ کورد بم و بە کوردی بدوێم!

**مارگرێت ئۆوێن** پەرلەمانتاری بەریتانیا گوتویەتی: 'منیش دەمەوێ ببمە کورد و بەکوردی بدوێم و دەسرۆکی کوردی لەسەر ببەستم'

لە ژێر دروشیمی :' دوای هەڵبژاردن بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد چانسێک هەیە' کۆبوونەوەیەک پێکهات کە سەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردو ژمارەیەک پەرلەمانتاری بەریتانی تێیدا ئامادەببوون، ' ، خاتوون مارگرێت ئۆوین پەرلەمانتاری بەریتانیا هاوسۆزی زۆری لەگەڵ دۆزی کورد نواندو ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە ئەو حەز دەکات ببێتە کوردو بە زمانی کوردی بئاخڤێ و دەسرۆکی کوردی لەسەر بنێ.

لەوەتەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیکی کە پارتێکی باکوری کوردستانەو لە هەڵبژاردنی سارەوانەیەکانی تورکیا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە، سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانی ئەورووپا لەهەوڵی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی دۆزی کورددان.

جێی ئاماژەیە لەو کۆبوونەوەیەدا جگە لە سەرۆکی لقی دیاربەکری کۆمەڵەی مافی مرۆڤ چەندین کەسایەتی ناسراوی کوردو بەریتانی بەشداریان تێداکربوو.




# سوریا:3 فێرخوازی کورد لەزانکۆ دەردەکرێن

بەتۆمەتی ئەوەی کە ڕۆژی 12 ئادار فێرخوازانی کوردی زانکۆی حەلەب بەبۆنەی پنجەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی 12ی ئاداری شاری قامیشلۆ ڕێزیان لە قوربانیان گرتوەو پێنج خولەک بێدەنگ ڕاوەستاون، سێ فێرخوازی کورد لە خوێندن بێبەش دەکرێن.

جێگەی ئاماژە کە لەو کاتەدا هێزەکانی ئەمن هێرشیان کردە سەر فێرخوازان و ژمارەیەکیان لێ قۆڵبەست کردن و ڕەوانەی زیندانیان کردن، دوای ئەوەی چەند ڕۆژ لە زینداندا ئەشکەنجە دران، پاشان ئازاد کران، دواتر لە ڕۆژی 28ی نیسان دا لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی زانکۆی حەلەب بڕیاردرا کە سێ فێرخواز بەناوەکانی 'ئالان حوسێن، کاوە دیکۆ عەبدی ڕەمۆ' لە زانکۆ دەربکرێن، ڕۆژی 13ی ئایار بڕیارەکە جێبەجێ کرا.

# ئێران:لە ماوەی4 مانگدا 181کەس لەدار دراون

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە لەماوەی چوار مانگی یەکەمی ساڵی 2009دا لە وڵاتی ئێراندا زیاتر لە سەدو شەست کەس بڕیاری مەرگیان بەسەردا جێبەجێ کراوە.

ڕۆژی 11-5-2009 بە جێبەجێکرانی سزای مەرگ بەسەر مەحمود کەریمی تەمەن 27 ساڵە، ژمارەی ئەوانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا لە سێدارە دراون گەیشتۆتە سەدو هەشتاو یەک کەس، ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە، بەوهۆیەوە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لەسەر مافەکانی مرۆڤ نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن و داوا لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن کە شالاّوی لەسێدارەدان ڕابگرێ.

# ڕۆژهەڤ

هاوپەیمانێتی لە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا بەرفراوان بوو، زۆرینەی لایەنە سیاسیەکان لە یەک لیستدا کۆکرابوونەوە، بەوهۆیەشەوە کێبەرکێی هەڵبژاردن کەمرەنگ وبێ جۆش بوو، ئێستا چەند هاوپەیمانێتی ڕکابەری و کێبەرکێ لەگەڵ یەکتردا دەکەن، بەوهۆیەشەوە پڕۆسەی دەنگدان جۆش و خرۆشێکی نوێ بەخۆیەوە دەبینێ، هەم کوردستانیان بە ڕێژەیەکی زۆرتر بەرەو دەنگدان دەڕۆن، هەمیش لیستەکان لەسەر وەدەستهێنانی دەنگدا پێشبڕکێ دەکەن.

لیستی کوردستانی کەهەردوو لایەنە دەستەڵاتدارەکەی کوردستان، لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی کە چوار لایەن، لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی کە لایەنە چەپ و دیموکراتخوازەکان و لیستی گۆڕان کە کۆمپانیای وشە پێکیان هێناوە لە بەرانبەر یەکتردا دەچنە پڕۆسەی هەڵبژاردن و گرەوی زۆریش لەسەر ئەگەرەکان دەکەن، بەلاّم کوردستانیان خوازیارن کە بە ئاسایی و بەبێ کێشە بەڕێوەبچێ.

بەڕێوەچونی بەبێ گرفتی پڕۆسەی هەڵبژاردن هەم پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەکات، هەمیش دەستکەوتەکانی خەڵکی کورستان پارێزراوتر دەکات.

چاوەکان لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمان گیرساونەتەوە، ناحەزان گەرەکیانە کێشەو ساختەکاری لێبکەوێتەوە و ئەزموونەکەمان بە کرێتی پێشان بدرێ، هەرچی خەمخۆر و دۆستی گەلی کوردستانیشە ئاواتە خوازە کە پڕۆسەی هەڵبژاردن بەپاکی و بەبێ گرفت بەڕێوەبچێ و چاوی ناوەندە بڕیار بەدەستەکان بەلای کێشەی کوردستان ڕابکێشێتەوە.

وەک دەگوترێ هەرێمی کوردستان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی دایە، ئەگەر دیموکراسی و ئازادی بەرقەرار بکرێ و بنەمای سەرکەوتن و دۆڕان پەسند بکرێ، ئیدی ئەزموونەکەمان سەرکەوتوو دەبێ و داهاتووی ڕووناک دەبێ، هەربۆیەش قۆناغەکە لێمان دەخوازێ کە دڵسۆزانەو نیشتمانپەروەرانەو سەردەمیانە بەرەو هەڵبژاردن بچین، هەر لەو سۆنگەیەشەوە ئەرکی سەرجەم هێزە سیاسیەکان و تاکەکانی کۆمەڵی کوردستانە کە پێداگری لەسەر ئازادی دەنگدەران و بە ڕێوەچونێکی پاقژ بکەنەوە.

هێشتا هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستی پێنەکردوەو ناتوانرێ پێشبینی وردی بۆ بکرێ، بەلاّم هەموو لایەک هیواخوازن کە سەردەمیانە بەڕێوەبچێ و هەست برینداركردنی تێدا نەبێ.